

# لێو ڕێگەیەکە بۆ ڕازاوەیی و جوانی

هەنگاوە سەرەکییەکان بۆ جوانکاری لێــو، لەگەڵ ئــەو گرنگییەی پێوەی دەدرێت، هێشتا پێویستی بە کاری زیاتر و داهاتووی چاکترە لە زیاتر ڕازاوەکردن و جوانکردنــی لێوەکان، چونکە هێمای جوانی و ناســکی دەبەخشــن، لەگەڵ ئــەوەی ڕێگەیەکی تایبــەت دەگرێت تاوەکو ڕووخساری خانمان پێوەی ڕازاوەتر و جوانتر بێ، بەمەش دەتوانین سوود لە جوانی و شــێوەی ڕەنگی لێو وەربگرین بۆ هەر ماکیاژێکی تایبەت.

یەکێك لــە جوانتریــن ڕەنگەکان بۆ لێوەکان، بریتییە لــە ڕەنگی (پەمەیی و ســـوور)، لە مۆدەکانی ئێستادا زۆر ڕەنگ هەن دەکرێت لە لێوەکان بدرێن، بــەڵام مەرجی تایبــەت لە ڕەنگی لێــو، دەبێ لەگەڵ جلوبەرگ یان جۆری ماکیاژەکــە بگونجێت و دیمەنێکــی ســـەرەنجراکێش و جوان دەربخات.

# ڕەنگی قاوەیی لە دیکۆری ژووری ساڵۆنەکان







دیکــۆرەکان دەبنە ڕێگەیــەك بۆ زیاتر کراوەیی لــە دیکۆری ماڵەکان، بە جۆرێك شیاوی کراوەیی و ناسکی پێوە دەربکەوێت، ڕەنگە کاتێــك دیکۆرێکی جوانیش دابنێن کەچــی ڕەنگەکەی لەگــەڵ دەوروبەری ناگونجێــت و گونجاندن دروســت ناکات لەگــەڵ ئــەو دیمەنــەی دەخوازرێت لە دیکۆرەکان. بۆیــە هەڵبژاردنی ڕەنگێکی تایبەت جێگەی زیاتــر جوانی و ڕازاوەیی دەبێت.

یەکێك لەو ڕەنگە سەرەنجراکێشانە بریتییە لە ڕەنگی (قاوەیی)، وەك ڕەنگێکی قورس و گران لە جێگەی دیکۆرێکی تایبەتدا خۆی دەگرێت. بە تایبەت دانانی ڕەنگی قاوەیی لە ژووری دانیشــتن و ساڵۆنەکان، چونکە ڕێگەیەك دەگرێت لــە جوانی و ڕازاوەیی لە شێوەی دیکۆرەکاندا، بە مەرجێك گشت لایەنەکان لەگەڵ ئــەو ڕەنگە گونجاو بن بەمەش دیکۆری ماڵەکــەت دەبێتە خاوەن دیکۆرێکی ڕازاوە و سەرەنجراکێش.

## کراســە جـ



# جوانی ڕەنگەکان لە ماکیاژی ڕووخسار

## ساڵۆن ستۆکهۆڵم - هەولێر








خانمان دەبێ لە جوانترین ڕێگەی ماکیاژ کردن بگەڕێن، بەمەش جوانی ماکیاژەکان پابەندە بە جوانی و ڕازاوەیی لەگەڵ هەر شێوازێکی ڕووخساری خانمان. لەم ڕێگەیەشدا دەبێ خانمان ئەو جۆرە ماکیاژە هەڵبژێرن بۆ ئەوەی لە جوانییەکی کراوە و ڕازاوەدا خۆی بگرێتەوە. یەك ڕەنگی لە ماکیاژەکان دەبێتە دیمەنێکی کراوە لە جوانی ڕووخسارەکان.

بوونی ڕەنگێکی سەرەنجراکێش زیاتر هۆکارێك دەبێ لە جوانی جەستە و ڕازاوەیی لە گونجاندن نێوان ڕەنگی لێو و پشت چاوەکان. بەمەش ماکیاژێکی تایبەت دەردەچێت و لە بەرچاودا بە جوانترین و شیاوترین ماکیاژ دەردەکەوێت. گرنگی دان بە ماکیاژی لەم جۆرە ڕێگەیەکی کراوە دەگرێتە بەر، دەبێ لە سەرەتادا شێوازی ماکیاژەکە دابنرێ و ئینجا دەست بە کارەکانی ماکیاژ کردن بکرێت. لەم ڕێگەیەدا دەتوانین سوود لە یەك ڕەنگی لە ماکیاژەکان وەربگرین بۆ ئەوەی بە جوانییەکی کراوە دەربکەوێت.

# ـوانەکان بۆ بۆنە تایبەتەکان





بۆ بۆنە تایبەت و گرنگەکان، دەبێ خانمان بە جلێکی ڕازاوە و جوان ئامادەبن، لە یەکێك لە گرنگترین بۆنەکان بریتییە لە مارەبڕین و دەستنیشانکردن، ئەمەش وەك بۆنەیەکی گرنگ لە ژیانی خانمان، بۆیە پێویستیان بە جلێکی تایبەت و ڕازاوە دەبێ تاوەکو لەم ڕۆژە بە جوانترین شێواز دەربکەون. بۆ بۆنەی لەم جۆرە وەك مۆدەیەکی جوان کراس پێویست دەبێ بۆ پۆشین. تەنانەت کراسە جوانەکان دەبنە ڕێگەیەك بۆ جوانی سەرتاپای جەستەی خانمان، هەروەها جوانترین ڕەنگ دەبێ بۆ ئەو کراسە هەڵبژێرین بۆ کاتی بۆنەی لەم جۆرە، ئەو ڕەنگانەش بریتیین لە : ڕەنگی (جەرگی و سوور)، وەك هێمایەك بۆ خۆشەویستی و ڕازانەوەیی لەگەڵ ماکیاژی خانمان، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە ڕێگەیەك بۆ دەربڕین لە خۆشی و شادی.

# هونەری وێنە کێشان لە پەڕ

هونەری وێنەکێشان یان کاری دەستی هونەری، لە گشت شت و کەرەستەیەکدا دەردەکەوێ، تەنانەت دەکرێ کارە دەستییەکان لە بواری هونەر و وێنە و پەیکەرکێشان ئامادە بکرێت. ئافرەتێکی وڵاتی ئوسکوتلەندا توانی لە ڕێگەی پەڕەکان چەندەها پەیکەر و وێنەی هونەری سەیر دروست بکات.

ئەم خانمە ناوی (بریجیت)ە و توانای کارەکانی لە دروست کردنی شێوە و وێنە سەیرەکانە لە بواری وێنە و تابلۆی سەیر، ئەمەش کاتێك توانی سوود وەربگرێ تەنیا لە پەڕەکان، وێنەکانیش بریتی بوون لە : دارستان – مێزی نانخواردن – خانمێکی بچکۆڵە.

ئەمە و کارەکانی بریجیت لە نمایشێکی تایبەت و کراوەدا بۆ ئەو کارە سەیرەی کە توانی لە کەرەستەیەکی سادە وەربگرێت نیشاندرا.










# ئەمە سەگە

ئەگەر سەیرێکی ئەو وێنەیە بکەن، ڕەنگە بڵێن هیچ شتێك دیار نییە تەنیا دوو خاولی بۆ سڕینەوەی جەستە، کەچی ئەگەر بە وردی سەیر بکەن دیمەنێکی سەیر و سەرەنجراکێش دەبینن. ئەوەی ژێرەوە ڕاستە بریتییە لە خاولی، کەچی ئەوەی سەرەوە بریتییە لە سەگێکی سەیر.

شێوەی ئەو سەگە وەك پارچە قوماشێکی



# حاڵەتە سەم

وەکو دەزانین گیانداری وشتر یەکێکە لە بەهێزترین گیاندارە باهەڵگرەکان لە بیابانەکان، تەنانەت دەتوانێت بۆ ماوەیەکی زۆر بێ خواردن و ئاو بژییێت، بەڵام وادیارە لە هەندێك حاڵەتدا کاری سەیری پێدەکرێ، وەك ئەوەی بارێکی قورسی لێوە هەڵبگرن یان بۆ شوێنی تایبەتی ببەن.

ئەوانەی دەبینن یەکێکە لە دوو سەیرترین حاڵەتەکانی مامەڵە کردن لەگەڵ وشتر، لە



## یان خاولی!

ئالاّو وایە، ئەم جۆرە ســەگە لە ویلایەتی کالیفۆرنیــا هەیە، شــێوەیان جەســتەیان ئەوەندە خاوە، بە جۆرێك ئەگەر چاوەكانی دەرنەكەوێ، وەك خاولییەك وایە. ئەم جۆرە سەگە بە (بۆلدۆگ) ناسراوە و رەواجێكی گەورەی لەســەرە لــە ولاّتانی رۆژئاوا و ئەوروپا، بەهۆی ئەو شــێوە ســەیرەی لە جەستەیاندا بەدی دەكرێت.



## ـــەرکانی وشتر!

یەكێكیان وشــتر بەكارهێنراوە بۆ بارێكی قورس لەســەری، بە جۆرێك وشتر لەسەر قیــر دەڕوات نەوەك لە بیابــان، حاڵەتی دووەمیش وشــتریان بردۆتە ناو چیاكان، لەگەڵ ئەوەی دەگوترێت وشــتر ناتوانێت لەســەر شوێنی وەك شەقام و جادە بڕوات، كەچی لەم دوو حاڵەتە دەتوانێت و بەمەش دەبێتــە یەكێك لە ســەیرترین دیمەنەكانی بەكارهێنانی وشتر.

## کورتترین هاوسەرگیری بۆ کوڕ و کچێک



ئــەوەی دەیبینــن دەبێتــە یەكێك لە سەیرترین حاڵەتەكانی بووك و زاوا، دوای ئەوەی نەخۆشی دوو كچ و كوڕی ولاّتی نەمســا دیاری كرا لــەوەی هەردووكیان ســەرەتانیان هەیە و لە ماوەیەكی دیاری كراودا ســەرەتانەكەیان گەشــە دەكات و دەمرن، هەردوو كچ و كوڕەكە قوتابی یەك قوتابخانــە دەبن، بۆیە ئەوانیش بڕیارێكی سەیر دەردەكەن.

بڕیارەكەی (میك و لیندا) بریتی دەبێ لە هاوســەرگیری نێوانیان لەگەڵ ئەوەی تەمەنێكــی كەمیان ماوە لە ژیان. ئەوەی ســەیر بێ قژی هەریەك لەم كچ و كوڕە هەڵوەریوە و بەمەش سەریان وەك كەچەڵێك دەردەكەوێ، لــە نمایشــێكی تایبەت و قەشەنگدا، بوون بە هاوسەری یەكتر و لە داهاتووشدا لە جیاتی خۆشی و ژیانێكی شاد، لە چاوەڕوانی مردن دەبن!

## گەورەترین مۆتۆرسکێل

ئەوەی دەیبینــن بریتییە لە گەورەترین مۆتۆرســكێل لە جیهانــدا، بەرزایی ئەو مۆتۆرســكێلە دەگاتە نزیكەی (٢) مەتر و نیو، لەگەڵ درێژی نزیكەی (٤) مەتر دەبــێ، ئەوەندەی ئوتۆمبێلێك هێزی هەیە و، دەبێتــە یەكێك لە بەرهەمەكانی ولاّتی هیندستان، ئەمەش كاتێك لەسەر خواستی كەسێك بە راسپاردە دروست كراوە بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی گەورەترین مۆتۆرسكێل.

كەرەستە سەیر و گەورەكان، بە جۆرێك دروست دەكرێن دەبن بە جێگەی سەمەرەی گشت كەسێك، تەنانەت لە رێگەی ئامێر و كەرەستەكاندا دەتوانرێت چەندەها نازناوی تایبەت و گەورە بەدی بكرێت.

لەگەڵ ئەوەشــدا كەرەســتەكان كاتێك شــێوەیان گەورە یان بچــووك دەبێ، وەك كەرەســتەیەكی ســەرەنجراكێش و بەرچاو دەردەكەوێ.









# جوانترین و سەیرترین مراوی

مراوییەکان شێوەیەکی تایبەتیان هەیە و جیاوازن لەگەڵ باڵندەکانی دیکە، هەروەکو دەزانین مراوی لە چەند ڕەنگێکی تایبەتدا دەردەکەون، وەك باڵندەیەکی جوان و قەشەنگ دەردەکەون. کەچی ئەگەر سەیرێکی ئەو مراوییە بکەین، وەك یارییەکی منداڵان یان شتێکی پلاستیك بێ، بەڵام ئەگەر بە وردی سەیری بکەیت، دەزانیت ئەوە مراوییەکی ڕاستەقینەیە.

مراوی لەم جۆرە لە وڵاتی ئوسترالیا هەن، تا ئێستاش پارێزگاری لەم جۆرە باڵندەیە دەکرێ بۆ ئەوەی بمێنن و لەناونەچن. وەکو باڵندەیەکی جوان و قەشەنگ لە باخچەی ئاژەڵانی ئەو وڵاتە دانراون و بە چاکترین شێواز خزمەت دەکرێن.



# ڕووخساری وەک قووتوو

ئەو کوڕە گەنجەی دەبینین خاوەن بەهرەیەکی تایبەتە لەوەی دەتوانێت ڕووخساری بچەمێنێتەوە و ئەمەش بەهۆی شلی یان شێوەی پێستی ڕووخساریەتی، لە توانایدایە بە دەستی ڕووخساری وەکو قووتووی چەماوە بچەمێنێتەوە. ئەو کوڕە لە وڵاتی کەنەدا دەژییێت و لە منداڵییەوە ئەو بەهرەیەی هەیە.

# تەسریحەی قژ لە شێوەی گیانداران



مۆدەکانی تەسریحەی قژ بە چەندەها شێوە و تەسریحە دادەنرێن، بەڵام هەندێکیان وەك سەیرترین شێوەی تەسریحە دەردەکەون، تەنانەت تەسریحەکان ڕێگەیان گرتۆتە بەر دانانی شێوەی جوان و تایبەت، لەوانە شێوەی گیانداران — دیمەنی سرووشتی، ڕەنگە وێنەی کەسەکە ببێتە تەسریحەی قژی ئەو کەسەی کە دەیەوێت تەسریحەکەی بەم جۆرە بێ.

ئەو دوو جۆرە تەسریحەیە بریتییە لە دانانی دیمەنێکی جوان بۆ تەسریحەکان، شێوەی تەسریحەکان بریتییە لە وێنەی چێڵ و مامزێك، بۆ ئەوەی وەك سەرنجراکێشترین و جوانترین تەسریحە دەربکەون. بەمەش دەبن بە دوو سەیرترین تەسریحەی قژ.









# پەیکەرە جوان و سەیرەکان

پەیکەرە جوانەکان وەك هێمایەکی سەرەنجراکێش لە شوێنە گشتییەکاندا دادەنرێن، ئەمەش وەك رەمزێکی تایبەت بۆ ئەوەی ببێتە کەرەستەیەکی شارستانی لە گشت شوێنەکان. پەیکەرەکان دەبێ مانای شتێك ببەخشن، کەچی وادیارە ئەو چەند پەیکەرە مانایەکی سەیر دەبەخشن و دیمەنێکی کراوە و جوانیش دەبەخشێت. هەر یەکە لەو پەیکەرانە بریتیین لە : پەنجەیەکی دەست لە ژێر زەوی – کۆمەڵە کەسێك – چەنگاڵێك بەرەو زەوی – پیاوێکی زل ! هەر یەکە لەم پەیکەرانە لە وڵاتی (کەنەدا و ئوسترالیا) هەن، شێوەیەکی جوان و سەرەنجراکێشیان هەیە. ئەوەی سەیر بێ ئەو پەیکرانە ئێستا بوونەتە شوێنێکی گەشتیاری بۆ گشت خەڵکی وڵاتانی دیکە کاتێك سەردانی ئەو شوێنانە دەکەن.

# ئەسپێکی گەورە لەناو ئوتۆمبێلێکی بچووک

کاتێك هەر کەرەستەیەك یان شتێك لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە دەگوازرێتەوە، دەبێ بە رێگەیەکی تایبەت و رەوا بگوازرێتەوە، تەنانەت هەر کەرەستەیەك قەبارەیەکی تایبەتی هەیە، بۆ نموونە: ئەگەر بمانەوێ ئەسپێك بگوازینەوە لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە، دەبێ بە ئوتۆمبێلێکی بارهەڵگر بێ. وڵاتی ئۆکرانیا شتەکان بە گوێرەی حەزی خۆیەتی، کاتێك ئەسپێکی نەخۆشی دەبێ، بۆ چارەسەرکردن بەرەو نەخۆشخانەیەکی بەیتەرنەری دەچێ، ئەسپەکەی دەخاتە ناو پشتەوەی ئوتۆمبێلەکەی، کە بریتییە لە ئوتۆمبێلی (لادا) ! ئەوەی سەیر بێ چۆن ئەو ئەسپە گەورەیە لەناو ئەو ئوتۆمبێلە جێگەی بۆتەوە، یان چۆن خاوەنی ئەسپەکە توانیویەتی بیخانە ناو ئوتۆمبێلەکە!





# جمکێکی جیاواز هەر یەکە رەنگێکە

کاتێك دوو کەس دەبینین شێوەیان لە یەکتر نزیك دەبێ، یان لە یەکتر دەچن، یەکسەر دەڵێن ئەوانە جمکن، یان نزیکی یەکترن، ئەمەش بەهۆی لێکچوونی شێوەیان لە رووخسار و رەنگ، یان هەر شتێکی دیکەدا شێوەیان لەیەکتر نزیك بکاتەوە. جمکەکان هەردەم بەیەکتر دەچن، یان رووخساریان یان رەنگیان وەکو یەك دەبێ.

کەچی ئەو دوو کچە جوانە، سەرەڕای ئەوەی جمکن و لە یەك دایك و باوك بوونە، بەڵام رەنگی هەریەکەیان لەوەی دیکە جیاوازترە، چونکە یەکێکیان سپیە و ئەوەی دیکەش رەشە ! لە وڵاتی ئیسپانیا دوای ئەوەی کوڕێکی عەرەب کچێکی ئیسپانی دەخوازێت، بەرهەمەکەیان ئەو دوو جمکە جیاوازیە کە هەر یەکە رەنگێکە!







## وێنەی سەیر

ئەمە دەبێتە یەکێك لە سەیرترین وێنە جوانەکانی ساڵی ٢٠٠٩، کاتێك دوو پیاوی بەتەمەن خەریکی یاری کردنن بە ئامێری ئاتاری play station بۆ بەســـەر بردنی کاتێکی خـــۆش، بۆیە ئەو پەندە بەســـەریان دابین دەبێ کە دەڵێ: بەپیری چووە بەر هەویری!



## ملی زەڕافە

کاتێك هەندێك لە گیانداران دەبینیـــن، دەبێتـــە جێگـــەی سەرســـوڕمانمان لەوەی چۆن شـــێوەیەکی ئەوەندە ســـەیر و بەرچـــاوی هەیـــە، تەنانەت ڕێگەیەکیـــش دەبـــێ کە ئەو گیانـــدارە جێگەی ســـەیری گشت کەســـێك بێ، نموونەی لەم جۆرە بریتییە لەم زەڕافەیە، لە ناوەڕاســـتی ملی شکاوە و دواتـــر چاك بۆتـــەوە. بەمەش دەبێتـــە یەکێك لە ســـەیرترین گیانداری زەرافە لە جیهان.




## نوکـــــــتە


☺ - کـــورە گەنجێك بەهۆی نەبوونی دەست بە دەرۆزە کردن دەکات، کاتێك لە مـــاڵان دەگەڕێـــت و دوای ئەوەی ماڵ بە ماڵ دەڕوات، لە دەرگایەك دەدات یەکێك دێتە دەرەوە هاوڕێیەکی خۆی دەردەچێت، ئەویش لە خۆیەوە بە هاوڕێکەی دەڵێت: کاکە پارەی تۆ واسڵە!

## یاری جوڵانەوەی پیتەکان

دەتوانن بە گۆڕینی پیتێك بۆ یەکجار لەم چوارگۆشانە، لە چوارگۆشـــەیەك بۆ یەکێکی تر، دەتوانن بگەن بە ناوی تەواو کاتێك هەنگاوەکان تەواو دەبێت.

| خ | ێ | ب | ڵ | ا |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئاسانکاری: ناوچەیەکی گەشتیاری خۆشە لە کوردستان! وەڵامی پێشوو: (رادیۆ) بوو


**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**
بیر لەکۆتایی هێنان بە پەیوەندی نێوان خۆت و هاوڕێیەکی نزیکت ئەکەیتەوە ئەمەش دوای ئەوەی بۆت دەردەکەوێت کە درۆی لەگەڵ تۆ کردووە و نیازی باش نییە بەرامبەرت.


**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**
بـــڕوات بـــە خـــۆت زیاتـــر دەبێت بـــە هۆی ســـەرکەوتنت لەتاقیکردنەوەیەکـــی ســـەخت و قورسدا،یادگارییەکانی سەردەمی منداڵیت دێنەوە یاد بەبینینی هاوڕێیەکت کە ماوەیەکی زۆرە نەتبینیوە.


**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**
خۆشەویســـتییەکی زۆرت لەدڵدایە بۆ کەسی بەرامبەرت پێویستە هەستی خۆتی پێ بڵێی پێـــش ئەوەی کەســـێکی تر دڵی داگیر بـــکات لەهەمان کاتیشدا دڵنیابە ئەو لەچاوەڕوانی تۆ دایە.


**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**
ئاگاداری خۆت بە لەم هەفتەیەدا، لەبواری کارکردندا پێویســـتە ئەوپەڕی توانای خۆت بەکاربێنی، چەند کەســـێك چاودێریـــت ئەکەن بۆ ئەوەی بچووکترین هەڵە ببینن،بۆیە بەباشترین شێوە خۆت ئامادە بکە.


**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**
پێویستە ڕاستگۆ بیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت و بەهیچ شێوەیەك قسەیەك نەکەی کە دوور بێت لە ڕاســـتی، ئەمە یارمەتیت ئەدات بۆ بەهێزتر بوونی پەیوەندی نێوانتان.


**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**
یەکێك لەســـیفەتە جوانەکانی کەسانی خاوەنی ئەم بورجە ئەوەیە کە هەمیشە حەز بە نوێبوونەوە دەکەن و بایەخ بە وردەکارییەکان دەدەن،ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر جوانتر بوونی کەسایەتییان.

ئا/ هێمن قەسرەیی





## ئاســــۆیی:

١-گۆڵچی یانەی بەرشەلۆنە(پ)
٢-خاوەنی وێنەی ژمارە (١)
٣-ناوێکە.
٤-پیتێك+شەونم(ت)
٥-یاریزانێکی یانەی ریال مەدرید-زیز
٦-ناوێکە(پ)-هونەرمەندێکی لوبنانیە
٧-بەمانای ئاواز دێت-چوارپیت لە (ڤیرژن)
٨-چوار پیت لە(سیسیکۆ)-ئیمزا
٩-پیتی (ن)+ئەویندارى ئەسمەر(ت)
١٠-پیتێك+پێنج پیت لە (مەروان)
١١-پیتی (ا)+خاوەنی وێنەی ژمارە(٣)
١٢-خاوەنی وێنەی ژمارە(٤)

## ســـتوونی:

١-هونەرمەندێکی کوردە.
٢-رادیۆیەکی عەرەبییە(پ)
٣-میوەیەکە.
٤-ئازاد(ت)+خاوەنی وێنەی ژمارە (٥)+ئاسوودە
٥-چوارپیت لە (شاوێس)-خۆم+پیتێکی ئینگلیزییە
٦-بەند(ت)-پایتەختی ئیتالیا(پ)
٧-لاوی(ت)-پێچەوانەی برۆ
٨-چوار پیت لە (مامادۆ)-بەرنامەیەکی زاگرۆس تیڤییە(پ)
٩-خاوەنی وێنەی ژمارە(٢)
١٠-چوار پیت لە(وارڤان)
١١-وەکو یەکە+وەکو یەکە
١٢-وانە(ت)

## بۆ زاخــــاوی مێشك



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٣) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**


- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ناوێکە بۆ کەسێك کە گرژ بێت)
- پیتی خانەکانی (٤+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (خواردنەوەیەکی کوردەوارییە لەناو مەشکە ئامادە دەکرێت)
- پیتی خانەکانی (٣+٢) کۆبکەیتەوە بە مانای (ژمارەیەك بریتییە لە سێ جارانی خۆی بکەیت)
- پیتی خانەکانی (٣+٦+١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (کەسێك دڵ تەنگ و بێ هیوا بێت)!

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی ( مۆنـــاکۆ ) بوو



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئەم ماوەیە لەبواری داراییدا بەقۆناغێکی سەخت تێپەڕ دەبیت، پلانێکـــی بەهێز دابنێ بۆ ئەوەی لەداهاتوودا دووبارە نەبێتەوە،خۆشەویســــتەکەت زۆر تۆی خۆشدەوێت و ڕێزت دەگرێت.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

هیچ دڵگران مەبە کاتێك گرفتێك دێتە بەردەمت، لەکاتی تەنگانـــەدا هاوڕێکانت بەهاناتەوە دێن، زۆر بیرۆکەی جوانت لەبەردەســـتە ئێستا کاتی ئەوەیە جێبەجێیان بکەی .



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

چاوەڕوانی چیت لەکەسی بەرامبەر دەکرد ئەوە دەبینـــی، خۆشەویســـتەکەت بەهاناتەوە دێت و لەخەمەکانت کەم دەکاتەوە،ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی خۆشەویستی نێوانتان زیاتر بێت.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ڕێگا مـەدە هیچ شتێك کاریگەری لەسەر ژیانی سۆزداریت دروست بکات،. هەوڵ بدە کێشەکانت بخەیتە لایـەك و کاتێکی خۆش لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەسەر ببەیت و گوێ بە قسەی خەڵك مەدە.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

حەز لەتەنیایی دەکەی، ئەوەش بزانە بەشداریکردن لەگەڵ هاوڕێکانت سوودی زۆری هەیە و توانای ڕاستەقینەت بەدیار دەکەوێت، خۆت لەبەرپرسیاریەتی مەشارەوە، هەواڵێکی خۆشت پێ دەگات.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئـــەم ماوەیە چەندیـــن گۆڕانـــکاری لەژیانت ڕوودەدەن کە زۆربەیان دڵخۆشکەرن. ڕێگا مەدە کەسانی تر وردەکاری ژیانی ئێوە بزانن بەهەمان شـــێوەش پێویست ناکات پرسیاری لەو شێوەیە ئاراستەی کەس بکەیت.

hemntoni@yahoo.com